# گرنگی بڕیار لەچیەوە سەرچاوە دەگرێت ؟

عادل شاسواری

قەناعەت، ئیمان، یەقین.. ئەمانە ئەو چەمکانەن کە دەبنە ناو کارو بونیادی بڕیاری مرۆڤ، ئەوەی بۆخۆت گرنگە (قەناعەت)ە، ئایا قەناعەتت بەچی هەیەو بەچی نییە؟ بەڵام ئەوەی بۆ دەرەوەی خۆت گرنگە (بڕیار)ە، ئایا ئەو قەناعەتەی کە هەت بوو چ بڕیارێکی پێدایت؟

تۆ لەلای خەڵکی، رای گشتی، لە بڕیارەکە بەرپرسیاریت، بۆیە قەناعەتەکەت پێویست نییە بدرکێنرێت.. هەرچەندە لە دڵسۆزی یاخود نەزانی یان هەر هۆکارێکی تر وات لێ بکات قەناعەتی پشت بڕیارەکە بدرکێنیت، لەوانەیە لای بەرامبەر قبوڵ نەبێتو بەڕاستیشی نەزانێت.. چونکە قەناعەت تەنها هۆکاری بەڵگەدارو مەلموس نییە، بەڵکو جۆری کەسێتیو ئاستی تێگەیشتنو پێگەو پێگەباندنیو حاڵەتی دەروونی کەسەکەو رادەی کاریگەری هۆکارەکانو ئەو سرووشتەی بڕیارەکەی تیا دراوە، رۆڵی هەیە لە دروست بوونی قەناعەتەکەو پاشان ئەزموون جێگیری کردووە.

پاشان ئەم کۆخاڵە مەرج نییە لەلای بەرامبەریش ئامادەگی هەبێت تا هەمان قەناعەتی لەلا بەرهەم بێت.. بۆیە مەرج نییە پاش درکاندنی (قەناعەتەکە، ئیمانەکە، یەقینەکە) کەسی دووەمیش هەمان (ڕا) لەلای دروست بێت، بۆیە ئەوەی گرنگە ئەوەیە: پاش ئەو قەناعەتەی کە هەتە ئەتەوێت بڵێیت چی؟ ئەوە بڵێ؛ بەرامبەر وەری دەگرێت یان نا، تۆ خۆت گرنگیت ئەوە بڕیارتە، نەک بەرامبەر تا چەند پێی دەسەلمێنیت..